# "کرێکارانی کۆمۆنیست"، "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" و "سەرنجی کرێکار"

## (گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال[1])

"کرێکارانی کۆمۆنیست" یەکێکە لەو گرووهە کۆمۆنیستییانەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە چەند ساڵێک کار و هەڵسووڕانی هەبووە و لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆی لەو دەمەدا بۆ خەبات و کاری کۆمۆنیستی هەبووە. ئەم گرووهە سەرەنجام هەڵدەوەشێتەوە و بەشێک لە بنیاتنەرانی بەشداری پێکهێنانی "هەستەی کرێکارانی

[1] ئاسۆ کەمال لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی کرێکاریی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان لە زانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا/ ئەندازیاریی میکانیکی وەدەگیرێ و بەهۆی ملنەدان بە چوونە مەشقی جەیشی شەعبی، دوو ساڵ لە زانکۆ دەرئەکرێ و تا لە ساڵی ١٩٩٠ خوێندن تەواو ئەکات.

لە ساڵی ١٩٨١ بە مارکسیزم ئاشنا دەبێت. لە ساڵی ١٩٨٢_ ١٩٨٤ ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەبێت و پاشان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پەیوەندی پەیدا ئەکات. لەنێو گرووپە چەپەکانی ئەو دەمەدا دەست بە کارکردن دەکات و لە بنیاتنانی چەندین کۆڕ و کۆمەڵی کریکاری بەشدار دەبێت و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی مانگرتنی کرێکارانی چەندین ناوەندی کرێکاری دەبێت و بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێت. یەکێکە لە ڕابەرانی بزووتنەوەی شوورایی ساڵی ١٩٩١.

یەکێکە لەو ١٠ کادرەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان پێک هێنا و لەوێدا بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بووە، وەکوو: بەرپرسی کاری جەماوەری، سەرنووسەری بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە"، بەرپرسی ڕادیۆی حیزب. لە ساڵی ١٩٩٩ گۆڤاری ڕێفراندۆم دەردەکات و لە شاری لەندەن کەمپینی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دادەمەزرێنێ. لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرپرسی تەلەفیزیۆنی سەنای کوردی بووە. لە هەمان ساڵدا تۆڕی دوعا بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنان پێک دەهێنێ.

یەکێکە لە بنیاتنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨. لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی کوردستان، ئەندامی "ئەنجوومەنی کاتیی مەیدانی ئازادی" بووە. یەکێکە لە ڕێکخەرانی کەمپینی بەرگرتن بە سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لە ساڵی ٢٠١١. لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە ئەندامی چالاکی "گرووپی چەتری ئازادیی لەندەن"ە و هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی دەرەوەی "حککک"ە.

***سۆسیالیست" و پاشانیش "سەرنجی کرێکار" دەکەن. بۆ شارەزایی زیاتر لەم ڕووەوە، ڕووی پرسیارەکانمان لە "ئاسۆ کەمال"، وەک یەکێک لە بنیاتنەرانی ئەم هێڵە دەکەین.***

**پرسیار:** بەڕێز ئاسۆ کەمال، تۆ یەکێکی لە بنیاتنەرانی ئەو سێ گرووهەی کە ناومان هێنان. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر پرسیاری ئەوانە، پێم باشە شتێک لەسەر پێشینەی خەباتی خۆت و چۆنیەتیی ئاشنابوونت بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم باس بکەیت، ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، ژمارەیەکی زۆری هەڵسووڕاوانی چەپی ئەو دەمە سەرەتای کاریان لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بووە، ئایا بۆ تۆش هەر بەو جۆرە بووە؟

**ئاسۆ کەمال:** من لە خێزانێکی کرێکاریی پەروەردە بووم. لە منداڵییەوە حەزم بە خوێندنەوەی چیرۆک بووە و ڕۆمانی دایک کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمان پێکەوە دەمان خوێندەوە و بە ژیانی کرێکارییانەی خۆمان بەراوردمان دەکرد، زۆر کاری تێ کردم. خوشکێکی لە خۆم گەورەتر ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو و منیش کەوتمە نێو ئەو فەزا نوێیەوە و دواتر بڕیارم دا، پێش چالاکیی سیاسی دەبێت، دیراسەی مارکسیزم بکەم. سەرەتا بۆ ئاشنابوون بە مارکسیزم دەستم بە خوێندنەوەی هەڵبژاردەی کتێبەکانی مارکس و ئەنگلس بە زمانی عەرەبی کرد و دواتر مانیفێستم بە کوردی دەستکەوت و هاوکات لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٨١ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم، کە ئەو کات لە پۆلی ٥ ئامادەیی بووم. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا کۆمەڵە و حیزبی شیوعی و حیزبەکانی کوردستانم ناسی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بڕیارم دا، ببمە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەبەر ئەوەی دەمویست، بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەگەڵ سازمانێکی چەپدا کار بکەم. هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ کۆمەڵە مامەوە و کاتێک مفاوەزاتی یەکێتیی نیشتمانی و حکوومەتی بەعس دەستی پێ کرد، ئیتر پەیوەندیی سیاسیم بە کۆمەڵەوە نەما. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٤ کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانم بینی، زانیم من سەر بەو بەرنامە کۆمۆنیستییەم.

**پرسیار:** گرووهی کرێکارانی کۆمۆنیست لە ساڵی چەند دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ چ کارە بوون؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ ئەو ناوەی کە بۆ گرووهەکەتان هەڵتان بژاردبوو، مانایەکی تایبەت و دیاریکراوی لەپشتەوە هەبوو؟

**ئاسۆ کەمال:** لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ کاتێک لەگەڵ ئاسۆ ئیسماعیل، ڕێنوار جەبار، لوقمان و من ئەڵقەیەک بووین، دیراسەی کتێبی "دۆستانی خەڵک کێن؟"ی لێنینمان دەستپێ کرد. دواتر هاوڕێ کرێکار کە لەگەڵ ئەڵقەیەکی تری ئەم گرووپەی ئێمە بوو، نووسراوێکی ڕەخنەیی لە چەپ لەژێر ناوی "کرێکارانی کۆمۆنیست"ەوە نووسی. ئیتر لەو کاتەوە دەستمان بە چالاکی کرد، کە زیاتر دەرکردنی بەیاننامە بوو. دواتر گۆڤارێکمان بە هەمان ناوی گرووپەکەمانەوە دەرکرد و ئەم ناوەمان وەک جەختکردنەوە لەسەر خەتی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەژێر کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مەنسوور حیکمەتدا هەڵبژاردبوو.

زیاتر لە شاری سلێمانی چالاکیمان دەکرد. هاوڕێکانم خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگا بوون و لە خێزانی کرێکار و کاسبکار بوون و ئاسۆ ئیسماعیل ئەندازیار بوو.

**پرسیار:** لەو دەمەدا چەندین سازمان و گرووهی کۆمۆنیستی خەریکی کار و هەڵسووڕان بوون، چی وای لە ئێوە کرد، تێکەڵ بەوان نەبن و گرووهێکی دیکە بنیات بنێن؟ هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسم: دیاردەی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقە و گرووهەکان لە ساڵانی هەشتاکان لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی چۆن لێک ئەدەیتەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** ڕاستییەکەی ئێمە ئامانجمان دروستکردنی حیزبێکی کۆمۆنیستیی گەورە و دەخاڵەتگەری سیاسی نەبوو. بۆیە لەگەڵ گرووپەکانی تردا تێکەڵ بەیەکتر نە دەبووین و قەزاوەت و داوەریشمان لەسەر یەکتر لەسەر بنەمای ئەو نووسینانە بوون، کە دەمان نووسین. ئەگەر نووسینێکت بەدڵ بووایە، دەبوویتە ئەندامی ئەو گرووپە. ئەو کات کە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران جیابووینەوە و بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانمان بینی و ئاشنای ڕەخنە لە خەتی ماوی، ترۆتسکی، یەکێتیی سۆڤێت، حیزبی شیوعی، ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم بووین. ئەمە سەرنجی ئێمەی بەلای دانانی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی لە عێراقدا ڕاکێشا و من پێم وابوو، کە ئەو بەرنامەیەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەڵامی ئەم بەرنامەیەی ئێمەشە و پێویستە کاری پێ بکەین. بەڵام بەگشتی چەپ تووشی گێژاوێکی عەمەلی بووبوو، کە چی

بکات. دانانی بەرنامە و کاری ئەکادیمی بیانوویەک بوو، بۆ داپۆشینی ئەو بێ وەڵامییە سیاسییەی چەپ. کەسمان باوەڕمان بە چوونە شاخ نەبوو و ڕەخنەگری ناسیۆنالیزمی کورد بوین و دژ بە بەعس بووین. بەڵام نە سەرکوتی بەعس ڕێگای دەدا، کاری سیاسی بکەین، نە خۆشمان بەدوای بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی عەمەلی و جەماوەری ترەوە بوین، کە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی مانادار بکات و هەڵسووڕاوانی چەپ بتوانن وەک قاڵب و شێوازی نوێی خۆدەرخستن و ڕاکێشانی خەڵک بۆ کاری سیاسی لە کۆمەڵگە نیشانی بدەن. ئێمە دژ بەم نەخۆشییە ئەکادیمیستییەی چەپ بووین و چەند نموونەیەکمان لە ڕێکخستنی مانگرتن، چوونە نێو کرێکاران، یەکگرتووکردنی کرێکاران لە سندووقی هاوپشتی، کۆبوونەوەی گشتی و گرتنی جەژنی یەکی ئایار نیشان دا، بەڵام ئەمانە گشت لە گۆشەیەکی بچووک، لە کارگە، ناوەندی بچووک و بێ کاریگەردا بوون و نەبووە سوننەتی کاری بزووتنەوەی چەپ. بەم شێوەیە زەمینەی سەرهەڵدانی گرووپ و ئەڵقە کۆمۆنیستییەکان لە دەرەوەی چینی کرێکار و دوور لە ئامانجی درووستکردنی حیزبێکی سیاسی مایەوە. هەر بۆیە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرووپانە لە بازنەیەکی داخراوی گەڕان بەدوای بەرنامە و دۆزینەوەی جیاوازییەکانی ناو گرووپە چەپەکان مایەوە، تا قەیرانی خەلیج و گۆڕانی دۆخی سیاسیی عێراق و کوردستان.

**پرسیار:** لەو دەمەدا گرووپەکان پەیوەندی و نزیکایەتیی نێوانیان زۆر بوو. زۆر جاریش هەڵسووڕاوان ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد. جگە لە ڕەوتی کۆمۆنیست نەبێ، تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر بوون و لە لایەن باقی بزووتنەوەکەوە بە ئاکادیمیست و سیکتاریست ناوزەد دەکران. لێکدانەوەی ئێوە بۆ ڕەوتی کۆمۆنیست چی بوو؟ ئەو جێگیرییەی ڕەوت چۆن ڕاڤە دەکەی؟

**ئاسۆ کەمال:** ڕەوتی کۆمۆنیست بە حوکمی ئەوەی لە ڕێکخراوی کارگەرانەوە هاتبوو، لەباری ڕێکخراوەیییەوە جێگیرتر بوو، بەڵام ئەوانیش بەشێکی ئەو چەپە بوون، لە گێژاوێکی عەمەلیدا بوون و ئەو جێگیرییە ڕێکخراوەیییە هیچی لەو دەردە پاسیڤیستی و ئاکادیمیستییەی چەپ نەگۆڕی. دوو قوتبی ڕەوتی کۆمۆنیست و دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و سیکتاریزمی ڕەوت هەمووی نیشانەی دووریی

عەمەلی و سیاسیی چەپ لە خەباتی کۆمەڵایەتیی کرێکاران و خەباتی کۆمۆنیستی لە ململانێ سیاسییەکاندا بوو.

**پرسیار:** کرێکارانی کۆمۆنیست گۆڤارێک، بڵاوکراوەیەکی هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، ناوی چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ ئەوەندەی بێتەوە یادت، باسەکانی دەربارەی چی بوون؟ نووسەرانی کێ بوون و بە چ ناوێکەوە نووسینەکانیان بڵاو دەکردەوە؟ ئایا هیچ دانەیەکی لێ ماوەتەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** "کرێکارانی کۆمۆنیست" ناوی گۆڤارەکەمان بوو، کە ٣ ژمارەی لێ دەرچوو. باسەکانمان دەربارەی گرفتەکانی بزووتنەوەی چەپ و ڕەخنە لە گرووپەکانی ئەو دەمە بوو. سەبارەت بە مەسەلەی میللی و مافی چارەنووس لە کوردستان و سیاسەتەکانی بەعس و ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و یەکی ئایار. ڕێنوار جەبار، لوقمان و من (بەناوی "ن. ڕێبین"ەوە) زیاتر شتمان تیایدا دەنووسی.

من هیچ دانەیەکم لا نەماوە، بەڵام ئێمە بەدەیان نوسخەمان بە ڕۆنیۆی دەستی لێ چاپ دەکرد.

**پرسیار:** بێجگە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانتان، کار و هەڵسووڕانی عەمەلیتان چی بوو؟ لە چ کارگە، شار و ناوچەیەک بوو؟

**ئاسۆ کەمال:** من لەناو ئەو گرووپەدا زیاتر کاری ناو کرێکارانم دەکرد، لەبەر ئەوەی کرێکاری کاتی بووم و زیاتر لەناو کرێکاراندا بووم.

دوو مانگرتنمان لە دائیرەی کارەبای شارۆچکە و لادێکانی شاری سلێمانی کرد و ٣ مانگرتنیشمان لە کارگەیەکی بچووکی شیرینیی ناو شاری سلێمانی کە ناوی "کارگەی گوڵزار" بوو، کرد.

بۆ بڕیاردان لەسەر مانگرتن، کۆبوونەوەی گشتیمان دەکرد و سندووقی هاوپشتیمان هەبوو و لە ئایاردا شیرینیمان دەگێڕا و باسی یەکی ئایارمان بۆ کرێکاران دەکرد. من و ٦ کرێکاری هاوڕێم کە سەربازی هەڵهاتوویش بووین، لە لایەن پۆلیسەوە لەسەر مانگرتن و پێداگری لە مانەوە لە کارگەی گوڵزار گیراین و لە بەندیخانەی سەرەوە بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک زیندانی کراین و دواتر بە

کەفالەت ئازاد کراین. ئەم ڕووداوە بۆ زیندانییەکانی تر جێگای سەرسووڕمان بوو. یەکێکیان پێی وتین: ئێوە وا ئەزانن، ئێرە "باکۆ"ی ڕووسیایە تا مان بگرن؟

**پرسیار**: لە کۆتایی ساڵی هەشتاکان حکوومەتی بەعس لە شاڵاوێکدا ژمارەیەکی زۆری لە کۆمۆنیستەکان گرت و زیندانی کرد، ئایا هاوڕێیانی ئێوەی تێدا بوو؟ ئەگەر بەڵێ، کێ بوون؟ مەسەلەی دەسگیرکردنەکەیان چۆن بوو؟

**ئاسۆ کەمال**: ٢ هاوڕێی ئێمە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن، کە یەکێکیان لوقمان بوو، گیرا و پاشان لە ڕاپەڕیندا ئازاد بوو. ئەوەی تریشیان ڕێنوار جەبار بوو، چوونە سەر ماڵیان و برایەکیان لە جێگای ئەو گرت. کەسانێک کە لەناو چەپدا بوون و گیرابوون، ناوی ئەم هاوڕێیانەی ئێمەیان بە بەعس دابوو.

**پرسیار**: سەرەنجام ئەم گرووهە هەڵوەشایەوە، کەی؟ بۆچی؟

**ئاسۆ کەمال**: لە کاتی ئەو شاڵاوەدا ئێمە لە شاری هەولێر خۆمان شاردبووەوە. دوای گرتنی کوێت، بۆ سلێمانی گەڕاینەوە و دەستمان بەکار کردەوە. تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شووراکان لەگەڵ هەڵسووڕاوانی تر، کە پێشتر لە گرووپەکانی تر بوون، ئاشنا بووین و پێکەوە کارمان کرد. ئیتر پێویستیمان بە مانەوە لە گرووپێکی بچووکدا نەبوو. کرێکارانی کۆمۆنیستیش بەعەمەلی لەکاتی شووراکاندا هەڵوەشایەوە.

**پرسیار**: تۆ یەکێک لە دامەزرێنەرانی "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" بووی، ئەم گرووهە کەی دامەزرا؟ چۆن دامەزرا؟ بێجگە لە تۆ، بنیاتنەرانی کێ بوون؟ چ جیاوازییەک لەنێوان کرێکارانی کۆمۆنیست و هەستەدا هەبوو؟ بڵاوکراوە و نووسراوەکانی چی بوون؟ ئەم گرووهە چی کرد؟ بۆ هەڵوەشایەوە؟

**ئاسۆ کەمال**: ئێمە کاتێک لە شووراکان لەگەڵ هەڵسووڕاوانی تردا، کە ئەوانیش لە گرووپی جۆراوجۆری تردا بوون، یان ئەڵقەکانیان هەڵوەشابوونەوە، دەستمان بەکار کرد و لە پێشەوەی بزووتنەوەی شوورادا بووین و وەک گرووپێکی سیاسیی گەورەی بێ ناویش کارمان دەکرد.

لە کاتی شکستی ڕاپەڕین و ئاوارەیییەکەدا، لەدەوری یەکتر مابووینەوە، تا لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٩١دا هەستەی کرێکارانی سۆسیالیستمان لە ناوچەی دۆڵی لای ڕانیە ڕاگەیاند.

ئەندامانی هەستە لە هەر ٣ شاری سلێمانی، هەولێر و کەرکووک هەبوون و لە ڕانیە، قەڵادزێ و شارۆچکەکانی دیکەش هەبووین. ئەم گرووهە دەستەیەکی دامەزرێنەری فراوانی هەبوو، کە ئەوانەی ناوەکانیم لەیاد مابێت، ئەمانە بوون: خەسرەو سایە، موزەفەر عەبدوڵا، وەستا جەلال، سامان کەریم، شەماڵ عەلی، عەبدوڵا مەحموود، شوان، مامۆستا محەمەد، ئەکرەم میهرداد و من.

جیاوازییەک کە هەستە لەگەڵ کرێکارانی کۆمۆنیستدا هەیبوو، ئەوە بوو، کە هەستە بەرهەمی بەشداریی کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕینێک و بزووتنەوەیەکی شوورابیدا بوو. ئیتر ئێمە بزووتنەوەیەکی جەماوەریمان بەڕێ خستبوو، شوورای چەکدارمان درووست کردبوو، ڕابەرانی عەلەنیی بزاوتێک بووین، کە دژ بە ناسیۆنالیزم لە مەیداندا بوو. ڕێپێوانی هەزاران کەسیمان بەڕێ خستبوو، بەردەرگامان بە بەرەی کوردستانی گرتبوو، شەڕی بەعسمان کردبوو و شەهیدمان دابوو. لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی تر لەدەوری بەرنامەیەکی عەمەلی و سیاسی کۆبووبووینەوە. هێزێکمان لە ٣ شار و چەند شارۆچکەیەکدا هەبوو. چالاکیی سیاسیمان دەکرد و دوای هاتنەوەشمان بۆ ناو شارەکان "هەواڵنامە"ی هەستەمان دەردەکرد. ئەمانە جیاوازیی گەورە بوون، نەک لەگەڵ کرێکارانی کۆمۆنیست، بەڵکوو لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست و هەموو گرووپەکانی تریشدا.

بە هەوڵی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەستە و یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیی کرێکاری، کە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەندامانیان لە شووراکاندا پێکەوە کارمان دەکرد، چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد و لەلای ئێمەوە کارمان بۆ یەکگرتن دەکرد، بەڵام بەداخەوە یەکێتیی خەبات، بەتایبەت دەوری ئەحمەد موعین ئیجابی نەبوو و سەرەنجام نزیکبوونەوەکەمان، نزیکبوونەوەیەکی فۆرماڵی بوو.

لە هەستەدا "کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان"مان هەبوو، کە ڕێکخراوەیەکی شێوە جەماوەری بوو، ئەندامانی غەیری هەستەشی تێدا بوو، دژی بەعس کە هێشتا لە شارەکاندا بوو، چالاکی سیاسی دەکرد و لە کاتی پەلاماردانی بنکەکانی بەعسدا بەشداریمان دەکرد و چەک و کەلوپەلمان بەدەست دەهێنا.

لەو کاتانەدا بوو، باسێکی ئیرەجی ئازەرین کە کەسی دووەمی "کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری" ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، لەسەر راپەڕینی کوردستانی عێراق بڵاو بووەوە. ئەم نووسراوەیە ڕەخنەیەک بوو، لە دەوری چەپ و شووراکان لە قەیرانی خەلیج و ڕاپەڕینی کوردستان و کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر چەپ دانا.
بزووتنەوەی چەپ لەدوای دەورەیەکی دووروودرێژی پاسیڤیستی، کە بەدوای جیابوونەوە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران تووشی بوو و خاوەنی پایەی کۆمەڵایەتی و سوننەتی کاری سیاسی نەبوو، بەڵام لە ڕاپەڕیندا شانسی گۆڕینی ئەم وەزعەی هەبوو، وە دەستی بە خەڵک ڕاگەیشت و چووە مەیدانی سیاسی و بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شوورایییەوە. ئەم ڕەخنەیەی ئیرەجی ئازەرین جارێکی تر چەپی تووشی گێژاوی گەڕان بەدوای بەدیلی سۆسیالیستیدا کرد و ئەمە بووە بیانووی دەستهەڵگرتن لەو کارەکتەری سیاسیبوون و جەماوەریبوون و پاسیڤیزمی خۆدوورخستنەوە لە جەماوەر و گەڕان بە دوای کرێکاری خاڵیس و دوورکەوتنەوە لە کاری سیاسی و عەلەنی و گیرۆدەبوون بە کێشەی نێو ڕێکخراوەکان و کارکردن لەخوارەوەی کردە ئامانجێکی سەرابی و کۆمۆنیزمی جارێکی تر بردەوە قاڵبی نا کۆمەڵایەتی و نا سیاسیبوونی خۆی.
هەڵوەشاندنەوەی هەستە بەرهەمی ئەو سەرلێشێواوی و ئامانجە سەرابییەی ئەم بەشە لە بنیاتنەرانی بزووتنەوەی شوورایی و کۆمۆنیستە کارا و جەماوەرییەکان بوو. لە جێگای بردنی چەپ لە هەستەوە بەرەو حیزبی سیاسی و دەخاڵەتگەری کۆمەڵایەتیی زیاتر و سوودوەرگرتن لە فرسەتی نەبوونی حکوومەت و دەسەڵات لە کوردستان بە هۆی کشانەوەی بەعس لە شارەکاندا، کەچی ئێمە وەک چەپ بەرەو دواوە گەڕاینەوە.
هەڵوەشاندنەوەی هەستە یەکێک لەو گەڕانەوە بەرەو دواوەی چەپ بوو، کە لە ڕێکخراوەکانی تری چەپدا بە پێداچوونەوەی ناوەرۆکی هەڵسووڕانی دەورانی شووراکانیان و گەڕانەوە بۆ قاڵبی پێشووی فەعالییەت و نەریتی کاری مەحفەلی تەواو بوو.

**پرسیار:** لە درێژەی ئەو خەتە و لەپاش هەڵوەشاندنەوەی هەستە، سەرنجی کرێکار بنیات دەنێن. ئەوەی من بێتەوە بیرم، تێڕوانینی ئێوە لەنێو سەرنجی کرێکاردا بە

بەراورد لەگەڵ باقیی سازمان و دەستەکانی دیکە جیاواز بوو. سەرنجی کرێکار پێی وا بوو، دەبێ بچنە نێو کرێکاران، ڕابەران و پێشڕەوانی عەمەلی نێو بزووتنەوەی کرێکاری لەدەوری یەکتری گرێ بدەن و لەم ڕێگەیەوە هەنگاو بەرەو پێکهێنانی سازمان بدەن. ئەگەر بکرێ لەم بارەیەوە شتێکمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**ئاسۆ کەمال**: بەڵێ ئەمە بۆچوونێک بوو، لە بەشێک لە نووسینەکانی سەرنجی کرێکار و تێزەکانماندا سەبارەت بە حیزب هەبوو. بەڵام وەک پێشتر باسم کرد، ئەمە تیۆریی ئەزمەی چەپ بوو، بۆ نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەک کە وەڵامی ململانێی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی تازە بەدەسەڵاتگەییشتوودا پێ بداتەوە. ڕەخنەکەی ئیرەجی ئازەرین، ڕەخنەیەکی ئەکادیمیستی بێ بەرنامەی کۆمۆنیستی بوو. بەڵام ئەوەی کە چەپی خستە هەوای وەرگرتنی ئەم ڕەخنە پاسیڤیستییە، بێ ئاسۆیی و بێ باوەڕی چەپ خۆی بوو، لەو سەرکەوتن و دەستەکەوت و زەمینە و فرسەتانەی کە بەشداری پراکتیکی کۆمۆنیستانەی خۆی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بۆی هێنابووە پێش.

هێزێکی کۆمۆنیستی دەخاڵەتگەر کە لە شووراکاندا خۆی نیشان دا و ناسیۆنالیزمی کوردی تووشی شۆک کرد، لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئەو کاتەدا، لە حیزبێکی سیاسیی یەکگرتوو و ڕێکخراو نەکرا، کە سەرەڕای نارۆشنیی سیاسی، بەڵام لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا بمێنێتەوە و مەیدان بۆ ناسیۆنالیزم چۆڵ نەکا. نموونەی لەم بابەتە ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانە، کە سەرەڕای نارۆشنیی تیۆری و سیاسی، چەند دەورانی سەرکەوتووانەی تێپەڕاند، هەتا گەیشتنی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

کاتێک مەنسوور حیکمەت نەخشەڕێگای پێکهێنانی حیزبی خستە بەردەم هەمووومان، ئەو کاتە هەستمان کرد، کە تیۆرییەکانی هەر ٣ ڕێکخراوەکەی چەپ وەڵامدەرەوە نین و بەرەوپیری ئەو دەستپێشخەرییەی مەنسوور حیکمەت چووین و توانیمان بازێکی گەورە بەسەر ڕابردوویەکی پڕ دەردیسەر و نەخوازراودا بدەین.

هەرچەندە کە ئێستا سەیری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکەین، هێشتا لە ئاستی پێویست و نیازی زەمانەدا نییە و هێشتا زۆری ماوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەڵاتدار، بەڵام دروستبوونی حیزب مێژووی کۆمۆنیزمی پاسیڤی، ئاکادیمی، مەحفەلی، بێ باوەڕی، لاکەوتەی و ترس لە ململانێی سیاسی و ترس لە دەسەڵاتی بردە کەنارەوە و پراکتیکی ١٨ ساڵەی کاری حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکاری دەتوانێ و ئیمکانی بیلقوەی نەریتی حیزبی و کۆمۆنیستی لە قاڵبی حیزبێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا فەراهەم بهێنێ. هەر ئەمە دەلیلی گیانسەختی مانەوەی کۆمۆنیزمە لە عێراق و کوردستاندا.

**پرسیار:** بێگومان زۆربەی سازمان و گرووهەکانی ئەو دەمە لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (و پاشانیش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)دا بوون، کە دواتر هەر بەو هۆیەوە توانییان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بنیات بنێن.
لێرەدا دەپرسم، ئەو سازمان و ڕێکخراوانەی کە بەشداری بنیاتنانی حیزبیان نەکرد و لەدەرەوەی ئەودا مانەوە کامانە بوون؟ وە هۆکاری بنەڕەتیی مانەوەیان لە دەرەوەی ئەم حیزبە چی بوو؟
**ئاسۆ کەمال:** وەک ڕێکخراو من ناوی وام نەبیستووە، بەڵام کەسان و ئەڵقە هەبوون، کە لە شووراکان لەگەڵماندا بوون، بەڵام دواتر خۆیان وەک کۆمۆنیست نە دەناساند، یان لەگەڵ ناسیۆنالیزم ڕۆیشتن، یاخود ڕێکخراوێکی تریان پێک نە هێنا و وەکوو فەردی کۆمۆنیست لە پەراوێزدا مانەوە.

تشرینی دووەمی ٢٠١١